# نیشانەکانی مونافیق

# (علامات المنافق)

مامۆستا محمد ملا فایق شهرزوری

بەشی دووەم

## نیشانەی یەکەم

### درۆ کردن

درۆ کردن بریتیيە لە جیاوازی ناخ لەگەڵ رووکەش دا وە جیاوازی گوفتار لەگەڵ کرداردا ، (منافق) دووروو درۆ کارە لەم بوارانەدا :

**أ**. درۆ دەکەن لەگەڵ بڕواداراندا : دوروو لای بڕواداران خۆی وادەردەخات بە گفتار و کردار کە ئەویش بڕوادارە بەخوا و ڕۆژی کۆتایی ، خوای گەورەش ئەوان بە درۆ دەخاتەوە و دەفەرموێت: [وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ][1] .

ئیمامی طەبەری دەفەرموێت : { زانایانی تەفسیر و لێکدانەوەی قورئان کۆن لەسەر ئەوەی ، کە ئەم ئایەتە پیرۆزە سەبارەت بە هەندێ لە دووڕووەکان دابەزیوە ، وەئەو نیشانەو تایبەتمەندیە تایبەتە بەوانەوە ، وەخوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە (منافق) دووروو ئەم بانگەشەیەی لە پێش چاوی بڕواداراندا دەردەخات }[2] ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

[وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ][3] .

**ب**. درۆدەکەن لەگەڵ کاربەدەستە بڕوادارە داد پەروەرەکاندا : دووروو لەپێش چاوی کاربەدەستی بڕواداردا مل کەچی و گوێ ڕایەڵی خۆی نیشان دەدات ، وەمل کەچ نەکردنی خۆی لای برا دووڕووەکانی خۆی دەردەخات ، خوای گەورە دەفەرموێت: [وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا مِنْ عِنْدِكَ بَيَّتَ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ ] (سورة النساء:٨١).

سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئیمامی طەبەری دەفەرموێت:

---

(١) (سورة البقرة:٨)

(٢) انظر : (جامع البيان) (١١٦/١) ، (١٢٩/١) .

(٣) (سورة البقرة:١٤) .

{خـوای گـەورە بـە پێغەمبەرەکـەی دەفـەرموێت : ئـەی محمـد (ﷺ) گـوێ مەدەو ڕوو وەرچەرخێنە لەو دووڕووانەی کە دێن و پێت دەڵێن : گوێ ڕایەڵتین و فـەرمانت بەجێیـە ، وکاتێـك لێـت جیادەبنـەوە سـەر پێچی فەرمانەکـەت دەکـەن و دەی گـۆڕن و ئەوکارانـەی کەلێت قەدەغەکردوون ئـەنجامی دەدەن ، لێیان گەڕێ لە خۆیان و ئەو گومڕایـەی کەلەسـەرین ، پشـت بـە خـوای خـۆت ببەسـتە و خـوای گـەورە تۆڵـەیان لێ دەکاتـەوە }(٤) . ئـەم گوێڕایـەڵی کردنـە هـەر چـەندە تایبـەت و سـەبارەت بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دابـەزیوە بـەڵام هـەموو کاربەدەسـتێکی بـڕواداری دادپـەروەر دەگرێتـەوە ، وەك زانایـان دەفـەرموون **(العبرة بعموم اللفظ لابخصوص السبب)** واتـە : گـەر باسـەکە بـە ووشـەی گشـتی باس کرابوو ئەوە گشتی دەگەیەنێت گەر لەبەر هۆیەکی تایبـەتیش دابـەزی بێـت ، وەلەلایـەکی تـرەوە گوێڕایـەڵی کردنـی کاربەدەستێکی بڕوادار گوێڕایەڵی کردنـە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وەك لەفەرموودەیەکی صەحیحدا هـاتووە (( ... ومن يُطِع الأمير فقد أطاعني ، ومن عصـى الأمـير فقـد عصـاني))(٥)-وقـد ورد بلفـظ آخـر (٧١٣٧): (( ..... من اطاع أميري فقـد أطاعني ومن عصى أميري فقد عصاني )).

واتـە : هـەر کەسـێك گوێڕایـەڵی (ئـەمیر)ەکـەی بکـات ئـەوە بەڕاسـتی گوێڕایەڵی منی کردووە ، وەهەر کەسێك سەرپێچـی بکـات ئـەوە بەڕاسـتی سەرپێچـی منـی کـردووە ، دیـارە ئـەو ئەمیرەش دەبێت لە بڕواداران بێت ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

[ وَأُولِي الأَمْرِ مِنْكُمْ ](٦) .

**ج**. درۆ دەکـەن لـە سـوێندەکانیاندا : دووڕووو زۆر سـوێند خـۆرە و لـە هـەموو شتێکدا درۆ دەکات ، وە سوێندەکانیشی لەسەر درۆیە و خۆشی باش دەزانێت کـە درۆیە ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ](٧) .

ئیبن و کـەثـیر سـەبارەت بـەم ئایەتـە دەفـەرموێت :{ خـوای گـەورە لـەم ئایەتەدا مەبەستی لە دووڕووەکانە ، کـە سـوێند لەسـەر درۆ دەخـۆن و خۆشـیان دەزانن کە درۆ دەکەن لە سوێنەکانیاندا ، بۆیـە خـوای گـەورە شـایەتیداوە کـە ئەوان درۆ دەکـەن لـە هـەموو شـایەتی و سوێندەکانیاندا }(٨).

---

(٤) انظر : (جامع البيان) (١٧٨/٤)

(٥) اخرجه : البخاري (٢٩٥٧) ، .

(٦) (سورة النساء:٥٩) .

(٧) (سورة المجادلة:١٤) .

(٨) انظر : (تفسير القران العظيم) (١٣٠/٦) .

ﻫ. درۆ دەکەن لە گفت و بەڵێنەکانیاندا: بێگومان درۆکردن لە بەڵێندا و جێبەجێ نەکردنی نیشانەیەکی سەرەکی دووڕووەکانە ئەم باسەش بەوردی لەسەری دەڕۆین لەباس کردنی {نیشانەکانی دووڕووکان لە سونەتدا} بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە ئایەتە پیرۆزەکەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت:

[وَمِنْهُم مَّنْ عَاهَدَ اللَّهَ لَئِنْ آتَانَا مِن فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ * فَلَمَّا آتَاهُم مِّن فَضْلِهِ بَخِلُوا بِهِ وَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعْرِضُونَ * فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ][9] .

ئیبن و کەثیر سەبارەت بەمانای ئەم ئایەتە دەفەرموێت {هەندێك لە دووڕووەکان گفت و بەڵێنیان داوە بە خوای گەورە ، ئەگەر دەوڵەمەندیان بکات ، دەبن بە پیاو چاك و چاکە دەکەن ، بەڵام ئەوان نەبەڵێنی خۆیان جێبەجێ کرد ، وە ڕاستیشیان نەکرد لەبەڵێنەکەیاندا ..... خوای گەورەش دووڕووی خستە دڵیانەوە لەسەر ئەم کارەیان}[10] ، بۆیە عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (ﷺ) دەفەرموێت: (( ثلاثٌ إذا كُنَّ في العبدِ فلا تتحرّج أن تَشهد عليه أنّه منافق : إذا حدّثَ كذبَ ، وإذا وَعَدَ أخلَفَ ، وإذا أؤتُمِنَ خان ......))[11] ، واتە : سێ شت لە هەر کەسێکدا کۆ بوبوەوە ، سڵ نەکەیتەوە لەوەی کە شایەتی لەسەر بدەیت کە دووڕووە : گەر قسەی کرد درۆ بکات ، وگەر بەڵێنی دا نەهێنێتە دی ، وگەر سپاردەیەکی پێ سپێردرا ناپاکی تیا بکات . وەهەروەها ئەبوو ئومامە (ﷺ) دەفەرموێت { المنافق إذا حدّثَ كذبَ ، وإذا وَعَدَ أخلَفَ ، وإذا أؤتُمِنَ خان .... فمن كُنَّ فيه ، ففيه النفاق كله ، ومن كان فيه بَعضُهُنَّ ففيه بَعضُ النفاقِ }[12] ، واتە : دووڕوو کە قسەبکات درۆ دەکات وگەر بەڵێن بدات نایباتە سەر ، و گەر سپاردەیەکیان پێ سپارد سپێردرا ناپاکی تیادەکات ..... هەر کەسێك ئەمانەی تیابێت هەموو دووڕووی تێدایە ، وە ئەگەر هەندێکی تێدابێت ئەوا هەندێ لە دووڕوویی تێدایە .

ﻫ. درۆ دەکەن لەگەڵ هەمووانـدا : دووڕوو تەنها درۆ لەگەڵ موسڵماناندا ناکات بەڵکو درۆ لەگەڵ جولەکەو گاور و بت پەرست و هەموو کەسانی تردا دەکات وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

(٩) (سورة التوبة:٧٥-٧٧)

(١٠) انظر : (تفسير القران العظيم) (١٣٤/٣) .

(١١)الفريابي برقم (١٥) وقال محققه : اسناده صالح .

(١٢) اخرجه : الفريابي في (صفة النفاق) برقم (١٨) وقال محققه : اسناده صحيح .

[ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَداً أَبَداً وَإِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنْصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ] (١٣)

خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەپیرۆزەی سەبارەت بـە عەبـدولاَی کـوڕی ئوبـەی و دووڕووەکـانی تـر دابەزانـد، کاتێـك کـە پەیمانیان دا بە جولەکەکانی بەنو نەضیر کـە پشـتگیریان بکـەن و لـە ڕیزیانـدا بجەنگێن دژبـە موسوڵمانەکان وەئەگـەر دەرکران ئـەوانیش لەگەڵیانـدا دەربچـن ، بەڵام ئەوەبوو درۆیـان لەگـەڵ ئەوانیشـدا کردو نەجەنگان و دەر نەچـوون و خـوای گـەورەش ئـەم درۆ ونهێنیـەیانی ئاشـکرا کرد لەم سورەتە پیرۆزەدا(١٤) ، کەوا بوو سەرتاسەری

نیشانەکانی (منافق) سەرچـاوەی لـە درۆوە هەڵگرتووە :

١–حەسـەنی بەصـری دەفـەرموێت : (الكذب جماع النفاق)(١٥)

واتە : درۆ کردن کۆ کەرەوەی هەموو دووڕوویە .

٢– عامر ئەل شیعەبی دەفەرموێت: (من كذبَ فهو منـافق)(١٦) واتـە: هـەر کەسێك درۆ بکات ئەوە دووڕووە .

٣–قـــەتادە دەفـــەرموێت : (إيّـــاكم والكـذبْ فإنّــه بـابُ النفـاق)(١٧) واتــە : دوورکەونەوە لەدرۆ کـردن چـونکە ئـەوە دەرگاو سەرچاوەی هەموو دووڕوویەکە

٤–ئـین و قـەیم دەفـەرموێت : (الكـذبُ مفتاح النفاق)(١٨) واتە : درۆ کردن کلیلی دووڕوویە .

## نیشانەی دووەم

### فێڵ کردن لە بڕواداران

دووڕوو سەرجەم کارەکانی فێڵ کردنە، چونکە بەرجەستەکردنی دوو کەسـایەتی جیاوازە لەیەك مرۆڤدا و لـە یـەك کاتـدا ، دووڕووە بـــە خـــەیاڵی خـــاوی خـــۆی دەتوانێت فێڵ لە گەڵ خـوای گەورەشـدا بکات ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

[ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ ] (١٩) .

قورتوبی دەفەرموێت{واتە بەگومان و خەیاڵی خـاوی خۆیـان فێڵیـان لـە خـوای گەورە کردووە ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان فێڵیـان لـە خۆیـان کـردووە ، ئەمـەش بەڵگەیـە کـە دووڕووەکـان خوایـان نـە ناسیوە ، گەر بیان ناسیایە دەیان زانی

(١٣) (سورة الحشر:١١) .

(١٤) (سيرة ابن هشام) (٦٨٩) .

(١٥)ابن ابي الدنيا (٥١٤)، احمد (٢٧٨) بسند رجاله ثقات.

(١٦) اخرجه : الفريابي في (صفة النفاق) (٢٠) وقال محققه : اسناده صحيح.

(١٧)عبد بن حميد وابن جرير-كما في (فتح القدير)(٥٩/١).

(١٨) انظر : (مختصر حادي الارواح) (ص/٥٩) .

(١٩) (سورة النساء:١٤٢) .

که خوای گەورە فێڵی لێ ناکرێت }[٢٠]

شەوکانی دەفەرموێت { مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە : دووڕووەکان بە گومانی خۆیان فێڵیان لە خوای گەورە کردوە بەوەی ئیسلامەتی خۆیان ئاشکرا کردووە وبێ باوەڕییەکەیان شاردۆتەوە، بەڵام خوای گەورە فێڵی لێ کردوون بەوەی کە بنەماکانی ئیسلامی بە سەردا چەسپاندوون بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکیان بە ئیسلامەوە هەبێت}[٢١] ، هاوەڵی بەڕێز ئەبوو ئومامە (رضي الله عنه) دەفەرموێت {مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە لەسەر پردی (الصراط) دا ڕووناکی دەدرێت بە بڕواداران و نادرێت بە بێ باوەڕان و دووڕووەکان ، ئەوان دەیانەوێت کەڵك لە ڕووناکی بڕوادارەکان وەربگرن بەڵام بێ سوود دەبێت ، وبڕواداران پێیان دەڵێن : بگەڕێنەوە دواوە و ڕووناکی بۆ خۆتان پەیدا بکەن ، کاتێك دەگەڕێنەوە دەبینن کە شورایەك لە نێوانیاندا هەیە و ئەمەش فێڵە کە خوای گەورە لە دووڕووەکانی کردووە}[٢٢] ،وە سەبارەت بە فێڵ کردنیان لە گەڵ بڕواداراندا خوای گەورەدەفەرموێت:

[يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ][٢٣] .

إمامی طەبەری دەفەرموێت: فێڵ کردنی دووڕووەکان لەگەڵ بڕوا داراندا ئەوەیە ، دووڕوو بەزمانی ئیسلام بەڕاست دەزانێ ، و لە دڵیدا گومانی لێیەتی و بەدرۆی دەزانێ بۆ ئەوەی خۆی دوور بخاتەوە لە سزا و کوشتن }[٢٤] .

## نیشانەی سێیەم

### خراپە بەرپا کردن لە زەویدا بەناوی چاك سازی کردن

خراپە بەرپا دەکەن لەهەر جێگەیەکدا بن ، وەئەگەر داوای دەست هەڵگرتنیان لێ بکرێت لەم کارە چەپەڵەیان ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن : ئێمە چاك سازی و چاکە کردن بەرپا دەکەین ، بەڵام لە ڕاستیدا هەمووکارەکانیان تێکدەری و خراپە بەرپاکردنە ، سەبارەت بەوان خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ * أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لَا يَشْعُرُونَ ] [٢٥]

سەبارەت بە لێکدانەوەی مانای خراپە بەرپاکردن لەم ئایەتە پیرۆزەدا تەفسیر ناسان دەفەرموون :

---

(٢٠) انظر : (جامع لأحكام القران) (١/١٩٥) .

(٢١) انظر : (فتح القدير) (١/٥٧٠) .

(٢٢) (الحاكم) (٢/٤٠٠) وصححه الحاكم ووافقه الذهبي .

(سورة البقرة:٩)

(٢٤) (جامع البيان) (١/١١٨) (فتح القدير) (١/٥٥)

(٢٥) (سورة البقرة:١١-١٢)

١-ئیمامی قورتوبی دەفەرموێت: {واتە : پێیان وترا خراپە بەرپا مەکەن کە بریتی‌یە لە بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی، و دوورخستنەوەی خەڵکی لە باوەڕ هێنان بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوان دەس لە کاری خراپەی خۆیان هەڵناگرن }[٢٦] .

٢-ئیمامی طەبەری گێڕاویەتەوە لە ئیبن و مەسعودەوە کە فەرموویەتی: {ئەم ئایەتە مەبەستی لەدووڕووەکانە ، و خراپە بەرپا کردنیش بریتی‌یە لە بێ باوەڕی و ئەنجام دانی تاوان }[٢٧] .

٣-ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت: {مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە کەدەفەرموێت : خراپەکاری ئەنجام مەدەن لە زەویدا بە بڵاوکردنەوەی دووڕووی و لایەن گری کردنی بێ بڕوایان و دوور خستنەوەی خەڵکی لە باوەڕهێنان بە پێغەمبەر (ﷺ) }[٢٨] .

٤-ئیمامی ڕازی سەبارەت بە لێکدانەوەی [هُمُ الْمُفْسِدُونَ] دەفەرموێت: { دووڕووەکان خراپەکاران ، چونکە بێ بڕوای خراپەو تێکدانە لە زەویدا و پێ نەزانینە بۆ نیعمەتەکانی خوای گەورە ، و پەلکێشکردنی خەڵکیە بۆ هەموو کارێك کە خۆیان پێیان خۆش بێت ..... ئالەمەوە دەردەکەوێت کە دووڕووی خراپەکاری‌یە }[٢٩] .

خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە دووڕووەکان خراپەکاریەکانیان تەنها بڕواداران ناگرێتەوە بەڵکو ئاژەڵ و دانەوێڵەکانیش دەگرێتەوە کەوابوو دووڕووو زیانی بۆ هەموو شتێك هەیە ، خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ ][٣٠] .

ئیمامی سەدی دەفەرموێت { ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەخنەسی کوڕی شورەیف دابەزی کە خۆی گەیاندە مەدینە و ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند ، ئنجا لە گەڕانەوەیدا تێپەڕی بەلای هەندێك ئاژەڵ و کشتوکاڵی موسوڵماناندا ، ئاژەڵەکانی کوشت و کشت وکاڵەکەی سوتاند }[٣١] .

ئیمامی طەبەری دەفەرموێت { ماناکەی ئەوەیە: ئەی محمد (ﷺ) کاتێك ئەو دووڕووە لای تۆ دەردەچێت بەتورەی‌یەوە خراپە بەرپا دەکات لەزەویدا و ئەوەی خوا قەدەغەی کردووە ئەنجامی دەدات وتاوانی ڕێگریو ڕێگە تێکدان لە خەڵکی ئەنجام دەدات }[٣٢] .

---

(٢٦) انظر : (تفسير القرطبي) (١/٢٠٢) .

(٢٧) انظر : (جامع البيان) (١/١٢٥) .

(٢٨) انظر : (فتح القدير) (١/٥٩) .

(٢٩) (تفسير الكبير) (٢/٧٤) . (٢٩) (سوة البقرة:٢٠٥) .

(٣١) انظر : (جامع البيان) (٢/٤٢٥) برقم (٣١٤٠) .

(٣٢) انظر : (جامع البيان) (٢/٤٣١) .

وەهەروەها خـوای گـەورە سـەبارەت بـە خراپکاری دووڕووەکان دەفەرموێت:
[ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا ](٣٣) .

١ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت{ واتە: ئەوان درێغی ناکەن لە ئەنجام دانـی هـەر کارێك کە زەرەر مەندبێت بۆ ئێوە }(٣٤)

٢–قورطـوبیش دەفـەرموێت { واتـە : درێغـی ناکـەن لـە خراپـە بـەرپاکردن و دووڕووی و بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەی خراپ ونێوان تێکدانتان }(٣٥) .

٣–ئیبن و کەثیر دەفەرموێت { واتە : هــەوڵ دەدەن بــە هــەمووجۆرێك کــە دژایـەتیتان بکـەن بـەوەی لـە توانایانـدا هەیە لە فرتو فێڵ و تەڵەکەبازی }(٣٦) .

کەوابوو بەڕاستی دەتـوانین بڵـێین کـە دووڕووی یەکسانە بە بەرپاکردنی خراپـە بۆیە ئیمامی زەجاج دەفەرموێت { النفاق يـــؤدي الى تفريـــق الكلمـــة ووقـــوع القتال}(٣٧). واتە : دووڕووی دەبێتە هۆی بـــــەرپاکردنی دووبەرەکایـــــەتی و هەڵگیرساندنی شەڕ ، وەئیمامی طەبەری دەفەرموێت { نیشانەی کەسـانی دووڕوو ئەوەیە کەخراپە بەرپا دەکەن لە زەویداو سەرپێچی خوای گەورە دەکەن و تاوان و کاری نابەجێ ئەنجام دەدەن و فەرزەکان وون دەکەن و گومانی خراپ بەرپادەکەن لە ئاینی خوادا و پشـتگیری کەسـانی بـە درۆخەرەوەی خوای گەورە و کتێبەکانی و نێرراوەکـانی دەکـەن نـین و دژایـەتی پیاوچاکانی خوای گەورە دەکەن }(٣٨) .

## چوارەم نیشانە

### گاڵتە جاڕی کردن بە بڕواداران

یەکێکی تر لە نیشـانەکانی دووڕوو گاڵتـە جاڕیکردنـە بـە بـڕواداران ، گاڵتـە جـاڕی کردنی دووڕووەکانیش بەم جۆرەیە :

**أ.** گاڵتە جـاڕی کـردن بـە بـڕواداران و بەنـــــەفام و گێـــــل زانینیـــــان : دووڕوو ئاین و باوەڕ بەشـتێکی نەفامانـە دەزانێت ، خوای گەورە دەفەرموێت:
[ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لَا يَعْلَمُونَ ](٣٩) .

واتە : دووڕوو ئەگەر داوای بڕواهێنانی لێ کرا لە وەڵامدا دەڵێت ئایا بڕوایەکمان هەبێت کە وەك بڕوای گێـل و نەفامـەکان بێـت ، لـە ڕاسـتیدا ئـەوان بـێ هۆشـن و نـەزانن ، بـێ گومـان دووڕووەکـان ئـەم وتـــەیان لـــە پـــێش چـــاوی بـــڕواداران دەرناخەن و دەی شارنەوە.

(٣٣) (سورة آل عمران:١١٨) .
(٣٤) انظر : (فتح القدير) (٥٥٩/٨) .
(٣٥) انظر : (تفسير القرطبي) (١٥٦/٨) .
(٣٦) انظر : (تفسير القران العظيم) (٥٦٤/١) .
(٣٧) انظر: (فتح القدير) (٥٩/١) .
(٣٨) انظر : (جامع البيان) (١٢٦/١) .
(٣٩) (سورة البقرة:١٣) .

ئیمـامی ڕازی هۆکـاری ئـەم بۆچـوونە پووچەی دووڕووەکان بەرامبەر بڕواداران دەردەخات و دەفـەرموێت:{ دووڕووەکان موسوڵمانانیان بە گێل ناو دەبەن چونکە دووڕووەکان کەسانێکی دەوڵەمەند بوون و خۆیان بەسەرکردە دەزانی لە کاتێکدا بـــڕواداران هـــەموو هـــەژار بـــوون، دووڕووەکـان دەیـان وت کـە دینەکـەی محمد(ﷺ) پووچ و نەزانینـە و ئەوەیشـی شوێنی دەکەوێت گێل و نەزانە }(٤٠) .

**ب**. گاڵتـە جـاڕی کـردن بـەبڕواداران لەسـەر بـێ ئاگایـان لـەبێ بـاوەڕی دووڕووەکان

خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ ](٤١) .

ئیبن و کـەثیر دەفـەرموێت { واتـە : کاتێـك ئـەو دووڕووانـە بـە بـڕواداران دەگەیشتن دەیان وت : ئێمەش بڕوادارین وەك ئێـوە و لـە ئێـوەین و لایـەن گـری ئێـوەین ، بـەلام ئـەم وتانـەیان هـەموو لـەترس و دووڕووی خۆیانـەوە بـووە ، وەکاتێکیش دەگەیشتنەوە بە هاوڕێیانی بێ بڕوا و دووڕووی خۆیان پێیان دەوتـن : ئێمە لەسەر بیر و باوەڕی ئێوەین بەلام ئێمە گاڵتە جاڕیان پێ دەکـەین و یاریـان لەگەڵ دەکەین }(٤٢) . بەلام ئـەم گێـل و نەفامانە نەیان دەزانی کە خـوای گـەورە نهێنیان ئاشکرا دەکات، وبڕوادارانیـان لێ ئاگـادار دەکاتـەوە ، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێت:

[ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَا تَحْذَرُونَ ] { التوبة:٦٤ }

**ج**. گاڵتە جاڕی کردن بـە چاکەکردنی بڕواداران :سەبارەت بە ڕوون کردنـەوەی ئەم باسە ، خوای گەورە دەفەرموێت:

[ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ](٤٣) .

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە پیرۆزە وەك ئـیبن و مەسـعود دەفــەرموێت { کاتێـك ئایەتی خێرکردن دابـەزی ئێمـە بـە کۆڵ شـتمان دەکـرد بـــە خێــر و چــاکە ، موسوڵمانێك هات شـتێکی زۆری کـرد بـە خێر ، دووڕووەکان وتیان : ئەمە ڕیابازە ، ئنجا پیاوێکی موسوڵمانی هەژار هـات و بەئەندازەی (صاع) مەنێکی کرد بـەخێر ، ئـــەوجا دووڕووەکـــان وتیـــان : خـــوا پێویستی بەم مەنەی ئەم پیـاوە نـیـە ، ئنجا ئەم ئایەتە دابەزی:[ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ

(٤٠) انظر : (تفسير الكبير) (٢/٧٥)

(٤١) (سورة البقرة:١٤) .

(٤٢) انظر : (تفسير القران العظيم) (١/٧٦) .

(٤٣) (سورة التوبة:٧٩) .

مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ] (٤٤) } (٤٥) .

ئیبن و کەثیر دەفەرموێت { ئەمە یەکێکی ترە لە نیشانەکانی دووڕووەکان ، وهیچ کەسێك سەلامەت نابێت لە ڕەخنە و توانج و گاڵتە جاڕی کردنیان لە هەموو بارودۆخێك دا ، هەتا خێرو مەندەکانیش ڕزگاریان نابێت لێیان ، ئەگەر یەکێك پارەیەکی زۆر بکات بەخێرو چاکە ئەوان دەڵێن: ئەوە ریابازە و بۆ خوای ناکات ، وەئەگەر یەکێك شتێکی کەم بکات بە خێر بە گوێرەی توانای خۆی ئەوان دەڵێن : خوا پێویستی بە خێرەکەی ئەم نییە } (٤٦).دووڕووەکان بەگاڵتە جاڕیکردن بە بڕوادارەکانەوە ناوەستن بەڵکو دەگەنە ئاستی ئەوەی گاڵتە جاڕیش بکەن بە ئایەتەکانی خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی بەڕێزی.خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ * لاَ تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ] (٤٧) .

ئیبن و عومەر (رضي الله عنه) سەبارەت بە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەوە دەفەرموێت {پیاوێك لە دووڕووەکان لە دانیشتنێکدا لە غەزای تەبوك وتی : لە ژیانمدا نەم بینیوە بە وێنەی ئەم قورئان خوێنانە چڵێس تر و درۆزن تر و ترسنۆك تر لە ڕووبەڕووبونەوەدا ، یەکێك لە دانیشتوەکان کە (عەوف کوڕی مالیك)بوو (رضي الله عنه) وتی : درۆت کرد هەی دووڕوو دەبێت ئەم قسانەت بگەیەنمە پێغەمبەر (ﷺ) ،ئەوەبوو گەیاندیە پێغەمبەر (ﷺ)و ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی:

[وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنْتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ * لاَ تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِنْ نَعْفُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنْكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ] (٤٨) } (٤٩) .

وەسەبارەت بە گاڵتە جاڕی کردنی دووڕووەکان بە ئایەتەکانی خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و خوای گەورە دەفەرموێت:

[وَإِذَا مَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ] (٥٠) .

ئیمامی طەبەری دەفەرموێت { واتە : کاتێك خوای گەورە سورەتێك

---

(٤٤) (سورة التوبة:٧٩) .

(٤٥) اخرجه : البخاري (١٤١٥) ، ومسلم (١١٠١٨) .

(٤٦) انظر : (تفسير القران العظيم) (١٣٦/٣) .

(٤٧) (سورة التوبة:٦٥-٦٦) .

(٤٨) (سورة التوبة:٦٥-٦٦) .

(٤٩) اخرجه : الطبري في (التفسير) (١٧٢/٦)، وقال الشيخ مقبل في (الصحيح المسند من أسباب النزول) (ص/١٢٢) لـه شاهد بسند حسن عند ابن ابي حاتم (٦٤/٤) من حديث كعب بن مالك .

(٥٠) (سورة التوبة:١٢٤) .

دابیەزێنێت لەو دووڕووانە هەیە کەدەڵێت: کێ لە ئێوە بە دابەزینی ئەم سورەتە بڕوای زیاتر بووەبەخواو ئایەتەکانی }[٥١] ، دووڕووەکان ئەم قسەیان بۆیە دەگوت بۆ ئەوەی خەڵکان لە ئیسلام دووربخەنەوە ، ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت:

{ سەبارەت بە [أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا] ئەوە بوو دووڕووەکان گاڵتە جاڕیان دەکرد بە بڕواداران و دەیان وت : کێ لەئێوە بڕوای زیاتر بووە بەهۆی دابەزینی ئەو ئایەتەوە ، وەپێ دەچێت ئەمەیان و تبێت بە کۆمەڵێك لە موسوڵمانان و مەبەستیان ئەوە بووبێت کە ئیسلامیان لابێ نرخ بکەن و لە ئیسلام دووریان بخەنەوە }[٥٢] .

وە ئیمامی ئالوسی دەفەرموێت:

{ دووڕووەکان ئەوەیان دەوت لە ڕووی گاڵتە جاڕی کردن و بێ بڕوایەوە بۆ برایانی دووڕووی خۆیان بۆ ئەوەی لە بڕوا هێنانیان دووریان بخەنەوە }[٥٣] .

ئیمامی طەبەری لەسەر ئەم باسە دەڕوات و دەفەرموێت { خوای گەورە فەرموویەتی [وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ][٥٤] واتە : دووڕووەکان بە برایانی دووڕووی خۆیانیان دەوت : ئێمە لەسەر بیر و بڕوای ئێوەین ، بەلام ئێمە گاڵتەجاڕی دەکەین بە خواو کتێبەکەی ، وە بە پێغەمبەرەکەی و هاوڕێ یانی }[٥٥] .

## پێنجەم نیشانە

### دەمارگیری و پێناخۆش بوونی ئامۆژگاری و شانازی کردن بە تاوانەوە

خوای گەورە دەفەرموێت:

[وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ][٥٦] .

وەرنەگرتنی ئامۆژگاری و نەگەڕانەوە بۆ لای ڕاستی بە یەکێك لە نیشانەکانی دووڕوو دادەنرێت : ئیبن و کەثیر دەفەرموێت:{ واتە : کاتێك ئەو تاوانبارە سەبارەت بە گوفتار و کرداری پێی دەوترێت : لە خوا بترسە و واز بهێنە لەو گوفتار و کردارانەت و بگەڕێرەوە بۆ لای ڕێگەی ڕاست : ئەو سەرپێچی دەکات و دەمارگیری و تورەبوون وایلێ دەکات کە دەست بەرداری ئەو تاوانانەی نەبێت ئەمەش هاوشێوەی ئایەتەکەی ترە:

---

(٥١) انظر : (جامع البيان) (٧٢/٧) .
(٥٢) انظر : (فتح القدير) (٥٨٥/٢) .
(٥٣) انظر : (روح المعاني) (٤٥/١١) .
(٥٤) (سورة البقرة:١٤) .
(٥٥) انظر : (جامع البيان) (١٢٩/١)
(٥٦) (سورة البقرة:٢٠٦) .

[ وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ] (٥٧)

ئیمامی شەوکانی هۆی وەرنەگرتنی دووڕوو بۆ ئامۆژگاری و شانازی کردنی بە تاوانەوە دەردەخات و دەفەرموێت:

{ واتە : کاتێ ئەوەی پێی وترا ئەو شانازی و دەمار گیرییەکەی وای لێ دەکات ئامۆژگاری وەرنەگرێت ئەویش لەبەر ئەو تاوانانەی کە لە دڵیدا هەیە ئەویش کە بریتییە لە دووڕوویی }(٥٨) ، لەبەر ئەمەیە کە دەبینیت دووڕوو ئامۆژگاری وەرناگرێت وەتوڕە دەبێت کە فەرمانێکی بە چاکە پێ بکرێت یاخود ڕێگرییەکی لە خراپە پێ بکرێت ، شێخ ئەبوبەکری ئەلجەزائیری دەفەرموێت :

{ خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێت کە دووڕوو کاتێك فەرمانی بە چاکە پێ بکرێت یاخود ڕێگرییەکی لە خراپەیەك لێ بکرێت و پێی بوترێت : لە خوا بترسە ئەو کارە مەکەو دەست هەڵگرە لە فلان کار ئەو دەمارگیری دەیگرێت بە هۆی تاوانەکانیانەوە }(٥٩) ، بەڵام جێی داخە کەئەم نیشانەی دووڕوویە لە هەڵسوکەوتی هەندێك موسوڵماناندا بەدی دەکرێت بەهۆی تازە پەیدابووەکان و

بەش بەش بوونی موسڵمانان و زاڵ بوونی نەزانین بەسەریاندا ، وەکو هاوەڵی بەڕێز ئیبن و عەباس (ﭭ) کە شارەزای مانای قورئانە ئەمەی لێك داوەتەوە و دەفەرموێت { من دانیشتبووم لای عومەری کوڕی خەتاب (ﭭ) کاتێك نووسراوێکی بۆهات : کە دانیشتوانی کووفە ئەوەندە وئەوەندەیان قورئانیان خوێندەوە ، ئیمامی عومەریش (ﭭ) لەبەر ئەم مژدە خۆشە دەستی کرد بە (الله أكبر) کردن ، منیش وتم : جیاوازی و دووبەرەکایەتیان تێ کەوت [ سوێند بەخوا من پێم خۆش نییە ئاوها پەلە بکەن لەم بوارەدا ] ، ئەویش وتی پێم : ئۆف تۆ چۆن دەزانیت ؟ ئیبن و عەباس دەفەرموێت (ﭭ) : عومەر (ﭭ) توڕەبوو ، منیش گەڕامەوە بۆ ماڵ ، دوای کەمێك خۆم دواخست و ئەو ناردیەوە بۆلام وتبووی : دەبێت هەر بە زووی بگاتە لای من ، ئیبن و عەباس (ﭭ) دەفەموێت : منیش چووم بۆلای و فەرمووی : تۆ شتێکت وت ؟ منیش وتم : داوای لێبوردن لە خوا دەکەم و ئەو قسەیە دووبارە ناکەمەوە ، ئەویش وتی : سوێندت لێ دەخۆم دەبێت ئەوەی کەوتت بۆمی دووبارە بکەیتەوە، منیش وتم : تۆ وتت نوسراوێکم پێ گەیشتووە کە ئەوەندە و ئەوەندە قورئانیان

---

(٥٧) (سورة الحج:٧٢) .

(٥٨) انظر : ( فتح القدير) (٣٠٩/١) .

(٥٩) انظر : (ايسر التفاسير) (١٨٥/١)

خوێنــدەوە منــیش وتم : جیــاوازی و دووبەرەکایــەتیان تــێ کــەوت ، ئیمــامی عومـــەریش (ﷺ) فـــەرمووی : تـــۆ لەچیەوە ئەمانەت زانیوە ؟ منـیش وتم خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ * وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ ] (٦٠)

کاتێك ئەوان وایان کرد قورئان زانەکان خۆیان پێ ناگیرێ و ئایەتەکـەی تـرم بـۆ خوێندەوە:

[ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ] (٦١)

وە لــە ڕیوایەتەکــەی (عبـدالرزاق)دا ئیبن و عەباس دەفـەرموێت : وتم : ئـەی سەرکردەی بڕواداران ، هەر کاتێك ئەوان ئاوهـا پەلــە بکــەن بـۆ زانینـی قورئـان خۆیـــان بـــە ڕەواو حـــەق دەزانـــن ، وەهــەرکات واشـیان لێ هـات موجادەلـەو دەمەقاڵە لە گەڵ یەکتر دەکەن ، وەهــەر کـات دەمەقاڵـە و موجادەلـەیان لەگـەڵ یەك کرد جیاوازی و دووبەرەکایەتیان تێ دەکــەوێت ، وەهـــەرکات جیـــاوازی و دووبەرەکایەتیان تێ کەوت لە گەڵ یەکتر بەشەڕدێن ، ئیمامی عومەریش فەرمووی: ڕاست دەکەیت سوێند بەوەی کـە گیـانی منـی بەدەسـتە مـن ئەمـەم لـە خـەڵکی دەشاردەوەو باسـم نـەدەکرد تائـەوەبوو تۆ درکاندت }(٦٢) ، کەوابوو وەرنەگرتنی ئامۆژگاری لە کەسانی شارەزاو دڵسـۆز و بڕوادار وەپێ ناخۆش بوون و دەمارگیری و تورەبـــوون بـــەو ئامۆژگاریەیـــە ، نیشانەیەکی دووڕوویە با موسوڵمان زۆر باش لێی بە ئاگابێت وخۆی لێ بپارێزێت، بەتایبەت ئەوانەی کە ئامۆژگاری دەکرێن لەوەڵامدا دەڵێن : بـڕۆ بـەڕێی خۆتـەوە تۆ ئامۆژگاری ئێمـە دەکـەیت ، ئائەمانـە باباش بزانن کە ئەم وتەیەیان خراپترین و بوغزاو ترین وتەیە لە لای خوای گەورە ، وەك پێغەمبـــــــەری خـــــــوا (ﷺ) دەفـەرموێت:(( إنَّ أبغضَّ الكلام الى الله أنَ يَقولَ الرجُل للرّجل : إتــقِ الله ،فيقــولَ : عليك بنفسك))(٦٣) .

واتــە : خـراپترین و بـوغراترین ووشـە لای خـوای گـەورە ئەوەیـە کـە پیـاو بـە پیاوێك دەڵێت : لە خوا بترسە ، ئـەویش

(٦٠) (سورة البقرة:٢٠٤-٢٠٥).

(٦١) (سورة لبقرة:٢٠٦)

(٦٢)احمد في (المسند) (١٦٩/٤) ، والحاكم في (المستدرك) (٥٤٠/٣) وصححه على شرط الشيخين ووافقــه الــذهبي ، الحاكم ايضا من طريق اخر (٥٤١/٣) بــرقم (٦٣٥٦) وقــال محققه : سنده حسن .

(٦٣)ابن منده في (التوحيد) (١٢٣/٢) ، وقال الشيخ الالباني في (الصحيحة) (٢٥٩٨) اسناده صحيح .

دەڵێت : تۆ ئاگاداری خۆت بە ، وەئەم کارەش بەڕاستی لە تاوانە گەورەکانە ، وەکو إبن مسعود(رضي الله عنه) دەفەرموێت:

{إنَّ من أكبر الذنوب أن يقول الرجل لأخيه : إتق الله ، فيقول : عليك بنفسك، أنت تأمُرني }(٦٤).

واتە : یەکێك لەهەرە تاوانەگەورەکان ئەوەیە کە پیاو بە براکەی بڵێت لە خوا بترسە ، ئەویش لەوەڵامدا بڵێت :

ئاگاداری خۆت بە تۆ ئامۆژگاری مـن دەکـەی ، کەوابوو پـێ ناخۆش بوونی ئامۆژگاری و بەکارهێنانی توڕەبوون و دەمارگیری و نەرم بوونی شارەزایی تەواو لە سونەت و باوەڕدا و شوێن کەوتنی ڕێچکەی جۆراوجۆری لادەر لە ڕێگەی ڕاست لە گەورەترین هۆکارەکانی دروست بوونی جیاوازی و ووبەرەکایەتی‌یە لەنێوان موسوڵماناندا ، ئیبراهیمی تەمیمی دەفەرموێت :

عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) ڕۆژێك هەر خۆی بوو کەوتبوە دالغە ناردی بەدوای ئیبن و عەباسدا (رضي الله عنه) و هات و پێی وت

( كيف تختلف هذه الامة وكتابُها واحدٌ، ونبيُّها واحدٌ ، وقبلتُها واحدة ؟ )

واتە : چۆن دووبەرەکایەتی دەکەوێتە ناوئەم ئومەتەوە لەکاتێکدا یەك کتێبیان هەیە و یەك پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) هەیە ، ویەك قیبلە و ڕووگەیان هەیە ؟ ئیبن و عەباسیش فەرمووی:

{ ياأمير المؤمنين إنا أُنزِلَ علينا القرآن ، فقرأناهُ و علمنا فيم نزل ، وإنَّهُ يكون بعدنا أقوامٌ يقرؤن القرآن لايعرفون فيم نَزَلَ ، فيكون كل يوم فيه رأي ، فإذا كان لقوم فيه رأي إختلفوا ، فإذا إختلفوا اقتتلوا}(٦٥).

واتە : ئەی سەرکردەی بڕواداران قورئان دابەزێنرا بۆمان ، خوێندمانەوە و زانیمان بۆ چ هۆکارێك دابەزیوە ، بەڵام کەسانێك لە دوامان دێن قورئان دەخوێنن و نازانن بۆ چ هۆیەك دابەزیوە، وەهەر ڕۆژە بۆ چوونێکیان لەبارەوە دەبێت ، وەهەر کاتێك هەر تاقمە بۆ چونێکیان لەبارەوە ببێت ئەوا جیاوازی و دووبەرەکایەتیان تێ دەکەوێت وەهەر کاتێك دووبەرەکایەتیان تێ کەوت شەڕ بەرپا دەبێت لە نێوانیاندا .

(٦٤)الطبراني في (الكبير) (٨٥٨٧) ، وقال الهيثمي ورجاله رجال الصحيح ، والبيهقي في (شعب الايمان) (٨٢٤٦).

(٦٥) اخرجه : البيهقي في (شعب الايمان) برقم (٢٢٨٣) .